ڤێنزوێلا و دوو تێبینی … زاهیر باهیر

ڤێنـــزوێلا ئەو وڵـــاتەی کە زۆر بەرەو خراپتـــر دەڕوات و دواجـاریش چـاریکی نییە جگە لە ئـادەسـتبوونی خەڵکی نـیـشـتمانی هـەزی موعـارەزەی ئـەسـتا کە سـەر بە ئەمـریکـاو وڵـاتـانی ڕۆژاوایە و چارەنوسیشی تەسلیمبوونە بە سیاسەتی ئابووریی نیو-لیبرالی ئەوان .
سەردەمی ‘هیگۆچافیز’ بەتایبەت تا ساڵانی 2009 و 2010 ڤێنزوێلا وڵاتێک بوو کە ژیانی هەرە زەرینەی خەڵکەکەی لە هەموو ڕوەکەوە باشتر بوو نێك لە وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتین ، بەڵکو لە هەموو وڵاتانی دونیاش.
لەو وڵاتەدا بێکاری نەمابوو ، خوێندن و چارەسەری نەخۆشی بەڵاش بوو ڕۆژی بەی بەرکەوتنی خەڵکەکەی لە بەرانبەر دکتەردا لە سای سیاسەتی نەوت دان بە کوبا لە بەرانبەر دکتەرا، لە هەموو شوێنکی دیکە کەمتر بوو، ڕێژەی مردنی منداڵانی ساوا و ئافرتانی دووگیان ساڵ بەساڵ کەم دەبووە، ڕێژەی نەخوێندەواری بە تەواوی هاتە خوارەوە تەنانەت ئەوانەشی کە تەمەنیان 80 ساڵ و لەسەر و ئەوشەوە بوون فێری خوێندنەوە و نوسین کران . ‘چافیز’ خەی بە دوو پاسەوانەوە زەر جار سەردانی شوێنە هەژارەکان و شوێنکانی سەرکار و شوێنی دیکەی دەکرد تاکو بزانێت ژیانیان چۆنە و داخوازیشیان چیبە ، ئەمە جگە لەوەی هەموو ڕۆژانکی یەکشەمەش بەرنامەیکی لە ڕادیۆدا هەبوو بە پرسیاری خەڵکی و وەڵامدانەویان. وڵاتێك بوو کە بەندیی سیاسیان نەبوو.

بە تێپەڕینی وەخت و مردنی ‘چافیز’ و دواتریش لەکارکەوتنی کاستڕۆ و مردنی، کە پایەیکی گەورە بوو بە چافیز و ڕژمکەی هەروەها هاتنی قەیرانی ئابووریی و قوبوونەوەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری خەی لەسەر وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت کە ڤێنزوێلاش یەکك بوو لەیان، دانا، ئیدی ژیانیش لەو گەڕا. بارودۆخی خەڵکی بەرەوخراپی ڕۆیشت ، بەتاڕادەیەکی زیادیکرد ، ئاستی بژێوی و ژیانی هاووڵاتیانی هاتە خوارەوە ، تاوانکردن چووە سەروە تا ئەو ڕادەیەی کە ڤێنزوێلا بەو وڵاتانە دەژمێردرێت کە زەرتریین هاووڵاتی تیادا دەکوژرێ و بەرەو خراپتریش دەڕوات.
لەڕەدا دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین کە چەندێك ئەم بارودۆخە لە خراپی و داڕامانا بێت ، ئەوەندەش لە بەرژەوەندی موعارەزەیە کە زەر

بە باشی و بە پشتی ئەمریکا و میدیای ئەمریکا و بریاتانیا زۆر چاك ئەوەی کە ڕوویدا و ڕووداوەکان ئەم موعارزەیە وریایانە ، قەستییەوە و بەکاریهێنا تا ئەو ڕادەیەی کە زیاتر لە مانگێکە خەڵکانێکی زۆر دەکەونە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان و ناڕەزایی بەرانبەر بە حکومەتی هێنووکە ،دەردەبڕن و تا ئێستاش نزیکەی 100 کەس لەوەدا کوژراوە بە لە بریندار بووان و گرتنی کەسانی دیکەو سەرکردەکانی موعارزە . لە دوێنێ شەوەوە ، 07/08 ، بارودۆخەکە بەرە و خراپتر ڕەیشتووە پاش ئەوەی کە دەستێکی چەکداری ، کە من باوەڕم وایە ئەوە ناوکێکە بە دروستکردنی جەنگی ناوخۆ ئاگر حکومەتی ئێستا دەست لەکار نەکێشیتەوە یاخود لانی کەم بانگەشەی هەڵبژاردنی گشتی نەکات، هەڕیان کوتایە سەر سەربازگەیەك .
لە هەفتەی ڕابوردوودا کە ڕاپرسی گشتی لەسەر هەموارکردنەوەی دەستوور و تەعدیلکردنی کرا بە زیادکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و سەرکی حکومەتکەی، کە بەرەو دیکتاتۆریەتی دەبات، ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکە خراپتردەکات، هاوکاتیش سیاسەتی دووفاقێیی بە شێرمانەی ئەمریکا و بریتانیا بە تەواوی دەرخست .

ئەوەی کە ئاشکرایە دەستتێوەردانی ئەمریکایە لە کاروباری ناوخۆی ڤێنزوێلا و یارمەتیدانی موعارزە و تووندکردنەوەی خەڵکەکەی لە ڕەگای میدیاوە دژ بە نیکۆلاس مادورو و حکومەتەکەی .
ئەمریکا دەڵێت کە حکومەتی ئەوە کە نتڕۆڵی هەموو شتێکی کردووە و حکومەتێکی بیرکراسی، دیکتاتۆریە و ڕەگا نادا کە موعارزە بتە سەر حوکم ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی ئەوەش وەکو هەموو حکومەتە " دیمکراتیەکانی " دیکە لە ڕەگای هەڵبژاردنەوە جەوی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.
کاتێك کە ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا دەبینین، گەر بە ئاگا نەبین لە ستراتیژی سیاسەتی ئەمریکا ، بەهێزدا دەچین و دەکەوینە داوەکیانەوە. بەڵام کاتێك کە دەبینین تورکیا چی دەکات نێك هەر بە کورد بەکو بە سەرجەمی موعارزەی ئەوە و ڕاپرسیشی کرد لەسەر فراوانکردنی دەسەڵاتی و کردنی ڕەفتار فاشیانە و درێژکردنەوەی سەرکایەتیی ڕەجەب تەیب بە ساڵی 2029 و پێوەندی گەرمی لەتێك داعش و ڕەکخراوە تیرۆریستەکانی دیکە و یارمەتیدانیان و زۆری تر لەمانە کەچی نە ئەمریکا و نە بریتانیا، هیچیان سەرزەنشتیشیان نەکرد، ئیدی لەوێ گەڵێ کە دژایەتی بکەن و یارمەتی موعارزەی ناوخۆی تورکیا بدەن و هانیانبدەن .

یاخود هەڵوێستی ئەمریکا لە وڵاتانی کەنداو، بەتایبەت سعودیە

نەك هەر سادەترین دیمەکراتیەت و ئازادیی لەوەدا نییە بڕۆ دەستی لە کوشتنی هەزارەها هاووڵاتی یەمەنی و وێرانکردنی خاکەکەشیانا، هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە کارگەی دروستکەری گروپە تیرۆریستەکانی دونیایە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا و بریتانی هیچی پێناڵێن، بگرە کەمکیشی پێدەکەن و بارگە و کۆنتراکتی چەك و تەقەمەنی و تیارەی جەنگیشی لەگەڵدا دەبەستن . لە هەواڵەستیانا بەرانبەر حکومەتی کینیاش کە لە هەڵبژاردنەکەی 2007 دا زیاتر لە 1200 کەس کوژرا و لە سەرو 2000 کەسیشەوە بریندار کران کەچی بە ئەمان " یار باقی و سوعبەت باقی" بەردەوام بوو. هەر دوور نیین ئەمریکا و بریتانیا هەردوکیان ، هیچ هەواڵەستکیان بەرانبەر حکومەتی هەرەم نەبووە سەبارەت بەوانەی کە تیرۆرکراون یا دەکرێن. ئە ئەمێیە سیاسەتی دووفاقیی بریتانیا و ئەمریکا هەر لەبەر ئەمەش دەبێت زەر بە ئاگاوە تەماشای هەواڵەستی دەستەواردانیان یا هاریکاریان لەگەڵ هەر گروپەکی موعارەزەی هەر وڵاتەکەدا، کە هەیە، بە هەزەکانی خۆزاواشەوە ، بکەین .

تێبینی دووهەم لەسەر ڤێنزویلا ئەوەیە کە ئەمیش چووە ڕیزی ئەو زنجیرە وڵاتانەی کە لە لایەن چەپ و سۆشیالدیمۆکرات و حیزبە کرێکارییەکانەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. لەم بارەشدا ئەو ڕاستییەی جارێکی تر سەلماندەوە کە هەرچەند ڕادیکال و پێیامەکانت ، مانۆفێستێت، مرۆڤانە و سۆشیالیستانە بێت، بە گرتنە دەستی دەسەڵات، وردە وردە ئەو دروشمانەت کاڵ دەبنەوە تا ئەو ڕادەیەی کە دەسەڵات دەمکەی دیکەی دەخاتە گەڵ کە دیکتاتۆرییەت و کوشتن و گرتنی موعارەزەکەی دەبێت.
بە خاوەندرێتی کردنی دەوڵەتیی کۆرسەکانی بەرهەمهێنان و کەمپانیاکان ، کە بە پرسەی کۆرتی گشتی، واتە موڵکی گەل ناسراوە ، لەناو دونیای سیستەمی هێنووکەدا یا ئەوەتا دەبێت لەناو بچیت، یاخود خۆی ڕادەستی کاپیتاڵیزم بکات. هەکارەکەش ئاشکرایە کە بۆچی ، ئەویش هەرچەند دەوڵەتەکە بەناو ڕادیکاڵ و سۆشیالیست بێت بەڵام هەشتا بە سەدەها ئەقڵەوە بە سەرمایەداریی دونیاوە گرێدراوەتەوە و گەر لەو بازنەفدیە دەرچێت ، لە لایەن کەمپانیە گەورەکان و دەزگە دراویەکانەوە بە ئاسانی لووش دەدرێت.
ئەم ڕەداوو و ئەزموونەی ڤێنزویلا مۆژویەکی درێژی هەیە کە هەر لە سەردەمی هاتنی بەلشەفیەوە لە ڕوسیا بە دەسەڵات، تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

هەر ئەم هەکارەش بوو کە بیردۆز، یا بیریارە ئانارکیستەکان

لەسەردەمی مارکس دا زۆر لە خەباواننە جەدلی ئەوپان لە گەل ماركس و هاوەڵكانیان دەكرد كە سۆشیالیزم لە ڕۆگای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە جا بە هەر بیانو و پاساوێك بێت، نایەتە كایەوە.
ئەناركیستەكان بە خەلادان لەم گرفتە و بنەبەكردنی دەسەڵات و كەمەڵی قووچكەیی و چەوساندنەوە، دژایەتی هەموو جۆرەكانی دەسەڵاتیان كردووە و دەكەن، باوەڕیان بەوە هەبووە و هەیە كە دەبێت هەموو شتێك لەلایەن خودی خەڵكەوە خاوەندارێتی لەبكرێت و خەیان خاوەنی بەیارەكانی خەیان بن و خۆشیان جەبەجێكەری بن لە ڕۆگای كاركردن بە هەرەوەزیی و ژیانی هەرەوەزیانەوە ، واتە بە كەمەڵەیەتیكردنی هەموو شتێك و بەشداریكردنی هەموو كەسێك و لەپرسینەوەش لەلایەن هەمووانەوە.

زاهیر باهیر – لەندەن
08/08/2017

(نامەكانی شەركە بەكەس لە كتێبەكەدا) … سەدیق سەعید ەواندزی

ئەدەبیاتی نامەو نامە گەینەوەی نەوان نووسەرانو ئەدیبانو هونەرمەندانیش، وەك ژانرێكی ئەدەبی، دیاردەیەكی ئەدەبی تاادەیەك كەنەو لە مێژووی ئەدەبیاتی زۆر نەتەوەدا بوونی هەبووە. وەلە لە ئەدەبی كوردیدا، تا دوای ەاپەینو ئەو سانەی دواتریش بەتایبەتی، گرنگی پێنەدرابوو. ئەم بەو مانایە نییە، كە پێشتر نامە گەینەوەی نەوان نووسەران بوونی نەبوو. بەنموونە:عەبدوەاپەشو لە شیعرەكدا ،نامەیەك بە شەركە بەكەس دەنێرێت. بەكو بەو مانایەی چەند ساەكە بە شەك لە نووسەرانو توێژەران،نامە نێردراوەكانی نەوان ئەدیبان، لە چوارچەوەی كتێبدا، بە شەوەیەكی سەربەخۆ چاپو بەاو دەكەنەوە. بەگومان ئەمەش دوای وەرگرتنی ەزامەندی نووسەرەكانییان. چونكە نابێ ئەوەمان بیر

بچێت، که نامەو نامە گۆڤینەوەی نێوان دوو کەس، ئەگەر نووسەریش بن یاخود نا، دەچێتە خانەی نهێنیو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تایبەتی نێوان هەردوو کەسەکە خۆیان. چونکە لەوانەیە زۆرجار بابەتو کۆمێنتو دەستەواژەی وا لە نامەکاندا هاتبێت، کە پەیوەندی تەنها بەوانەوە هەبێتو هەزامەند نەبن بڵاو بکرێنەوە. یاخود باسو خواسکی نهێنی تێدا بێتوبەبڵاوبوونەوەیان ئاشتەوای کۆمەڵایەتی تێکبچێتوبارودۆخی سیاسی، یاخود خزانی و کۆمەڵایەتی دەشێوێتو دەبێتە مایەی لێکترازانو دڵگرانی نێوان کەسانێك. بۆ یە لەهەموو ساتێکدا، بڵاوکردنەوەی نامەی هەر کەسێك، دەبێ بەهەزامەندی ئەو بێت. ئێستا بە هۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاو ئیس ئێم ئێسی موبایل و یاخود تایپ و نووسین بە کۆمبیوتەر، نامە گۆڤینەوەی نێوان نووسەران زۆر بەکەمیی بە شێوەی کاغەزو نووسینی دەستی دەنووسرێت. هەرچەندە جوانیو چۆڕی خوێنەوەی هەر نامەیەك، لەوەدایە دەستنووس بێت و بەشوێن پەنجەو قەڵەمی نووسەرەکەی نووسرابێت.وەلێ ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامێرە نوێکانی سەردەم، نووسینی نامە بە دەستنووس، تاڕادەیەکی زۆر بوونی نەماوە. بەڵام بە شێکیش لە نووسەران، هێشتا چێژ لە نووسینی نامە و خوێنەوەیان بە شێوەی دەستی دەبینن. بۆیە هەندێکیان،بەو شێوەیە دەنووسنو نایانەوێ بە نووسینی کۆمپیوتەر بێت. دیار ئەمەش بۆ ئارەزوو سەلیقەی نووسەرەکان خۆیان دەگەڕێتەوە.

(تاڤگەی وشەو هەڵوێست)

لە دووتوێی دووسەدوو هەشتاو شەش هاپەرەدا،بەناوی تاڤگەی وشەو هەڵوێست، نووسەر کامەران سوبحان، ژمارەیەك نامەی شاعیری کۆچکردوودیاری کورد(شێرکۆ بێکەسی)ی کۆکردوونەتەوەوە لە چوارچێوەی کتێبێکدا، لەلایەن ناوەندی ئەندێشەوە چاپو بڵاوی کردوونەتەوە.ئەم کتێبە کۆکراوەی بە شێکی ئەونامانەن کە تیایدا شێرکۆ بێکەس بۆ نووسەرانو بە شێك لە سیاسییەکانی ناردووە، یاخود وەڵامی داونەتەوە. هەنگە سەرەکیترین پرسیار کە لە دەسپێکی خوێنەوەی نامەکانی هەر نووسەرێك هووبە هووی خوێنەر دەبێتەوە، ئەوەبێت کە بۆ چی نامەی کەسانی تر دەخوێنینەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە؟بۆچی نووسینە تایبەتیو نهێنییەکانی نێو نامەیەك دەبێتە جێگەی گرنگی پێدانی خوێنەر؟ لە ڕاستیدا، نامەی نێوان نووسەران، زۆر جار لە باسو خواسی نێوانییانو هەواڵپرسینی یەکتری دەبێتە پانتایەك بۆگۆڤینەوەی بیروڕاو دیالۆگ لە نێوان یەکتری، لە بارەی بابەتێکی ئەدەبی یاخود سیاسیو

فەرهەنگی.

بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر نامەی نێوان دووکەس هەر بێ ئاگاداربوون لە هەواڵی یەکتری بێت، ئەوا نامەی نێوان دوونووسەر هەندێکی فراوانتری هەیە. لەو ڕوانگەیە شەوە ئەو نامانەی شەرکێ بکەس، بە شێکیان بێ بە سەر کردنەوەی هاوڕێکانی بووە، بە شێکی دیکەش گۆڕینەوەی بیروڕا بووە. زمانی ئەو نامانە، هەندێك جار زمانی ئاسایی گفتوگۆیە، لە هەندێ کاتی دیکەشدا، نامەکان زمانێکی پڕ لە وێنەی هونەری و شیعریەتو دارشتنی هونەریانەی شێوە پەخشانێکی ئەدەبی لە خۆ دەگرن. دیارە ئەمەش بێ ئەو پاشخانە فەرهەنگیو شیعریەی شاعیر دەگەڕێتەوە. بەوماناییەی چونکە خۆی شاعیرێکی دیاربوو، ئیدی ئەو زمانە شیعریە زاڵدەبێت بە سەر نووسینی نامەکانیش.

هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە خوێنەوەی ئەو نامانەدا، چێژێکی ئەدەبی وەربگرێت. سەرەتای هەر نامەیەکی شاعیر بە دەستەواژەی(بەهیوای هەمیشە چاوودێروونیو سەرفرازیتانم)دەست پێدەکات. شاعیر زۆربەی هەرە زۆری نامەکانی، بەو سڵاوەوە دەست پێکردووە. ئیدی چۆتە نێو باسو بابەتەکانو لە هەندێکیان بە کورتیو لە هەندێکی تریشیان بە درێژی دەدوێت. بە شێك لە نامەکان، هەر تەنها هەواڵپرسینە، وەلێ بە شێکی دیکەشیان گۆڕینەوەی بیرو ڕاو دیالۆگە لە نێوان خۆیو ئەو کەسەشی کە نامەکەی بۆ ناردووە. لەنامەیەکدا، بێ حمە باقی شاعیر، شەرکێ بەکەس بە درێژی لە بارەی هەهەندەکانی شیعری سیاسیو شۆشگێڕی دەدوێتو ئاماژە بێ ئەزموونەکانی خۆی دەکاتو شانازی بەوە دەکات، کە بۆتە شاعیری پێشمەرگەکانو دەیان قەسیدەو شیعری، بێ شەهیدانو تێکۆشەرە قارەمانەکان نووسیوە.شەرکێ بەکەس لەنامەکەدا دەڵێت:(من شاعیری خاكوخەڵکم شاعیری ئەو کارەساتانەم کە هەرگیز ئەدەنیس نەیدیوە). ئەمەش وەك وەڵامێك بێ ئەوەی، کە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی شاعیر هەنگدانەوەی ئەو کارەساتانەنو گوزارشت لەو شوناسە کوردبوونە دەکەن، کەوەك گوتارو پێڕەیەکی شیعری لە ئەزموونی خۆیدابووە بە شوناسێکی شیعری. ئەو لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:(کە گوللە دەنگی زوڵاڵی پێشمەرگە بوو من شیعرم کرد بە فیشەکدانی ئەوان).

دیارە ئەو کاریگەربوونەی شاعیر بە پێشمەرگەو شۆڕش، پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە خۆی سااڵنێك لە چیا، لە نێو دەنگی تڕپو گرمەی فڕۆکەو گازی خەردەل، لە گەڵ پێشمەرگەکان ژیاوە. شاعیر لە نزیکەوە قارەمانیتییەکان، کارەساتەکان، شەهیدبوونی پێشمەرگەو منااڵی

بینیوه. تێکدانی سرووشتوژینگەی بینیوه. ئیدی ناکرێت شاعیرێك لە نێو ئەو هەموو کارەساتانە بژیتو شیعریش بنووسێت، بەڵام گوزاشت لەو هەموو کارەساتانە نەکات. لە بەشێکی دیکەی نامەکاندا، ئەوانەی دوای چوونە دەرەوەی شاعیر بۆ مەنفا نووسیویەتی هەمیشە هەست بە غەریبی دەکاتو تاسەی گەڕانەوەیەتی بۆ کوردستان. لە نامەکاندا، باسی ژیانی پێشکەوتووی دنیای خۆر ئاوا دەکات، بەڵام ئەو ژیانە بۆ ئەو نامۆیەو بەردەوام وەك خۆی لە نامەیەکدا دەڵێت:(هەمیشە خەون بە بۆگەردەوە ئەبینێت). بەردەوام خەیاڵی لە گەڕانەوەدایە بۆ کوردستان. بۆگومان بینیشمان کاتێ هەر تەنها چەند مانگێك بە سەر داپەڕین تێپەڕیبوو، شاعیر گەڕایەوە کوردستانو دوای هەڵبژاردن بووە وەزیری ڕۆشنبیری. بەڵام لە پیشەی وەزیریشدا، وەك خۆی لە نامەیەکدا باسی دەکات، نەیتوانیوە لە بەرامبەر ئەو هەموو کێشەو کۆماسیو ململانێ حزبییە بێدەنگ بێت. بۆیە کاتێ هەست دەکات کاری وەزیری لە گەڵ دنیای تایبەتیو شیعری ئەو ناگونجێت، ئیدی دەست لە کار دەکێشێتەوەو دەگەڕێتەوە هەندەران.

بۆگومان ژیانی هەندەران بۆ شاعیر، ژیانێکی جیاواز بوو.شەرکۆ بێکەس کاتێ لە شاخەکانی سەرگەڵووەوە دەچێتە هەندەران، ئیدی دەبێتە شاعیرێکی ناسراو، کە چەندین کۆی شیعری لە وڵاتانی دەرەوە ئەنجام دەداتو شیعرکانی وەردەگێڕدرێنە سەر چەندان زمانی بیانی.تا دواجار خەڵاتی بە بەهای تۆخۆسکی وەردەگرێت. نامەکانی شەرکۆ بێکەس لە پاڵ ئەوەی پرسو بابەتی ئەدەبیو سیاسییان تێدایە، لە گەڵ ئەوەشدا هەندێ جار بە زمانێکی کەمەایەتییانە، باسی پەیوەندی نێوان خۆیو هاوڕێکانی دەکات. لە نامەیەکدا بۆ جمال شارباژێری شاعیر کە هاوڕێی شەرکۆ بێکەس بووە، دەڵێت:-(سەروپێ کەمان نەخوارد، بۆ کوێ دەچی هەر دەیخۆین).

یاخود لە نامەیەکی دیکەدا،باسی مشکۆ هەڵەشەی مشکەکان دەکات لە ژوورێکدا. شەرکۆ بێکەس لەونامانەدا هەر تەنها وەك شاعیرێك نەدواوە، بەڵکو وەك کەسێکی سادەو کەمەایەتی لە بە شێك لە نامەکان دەردەکەوێت. هەر وەك لە کۆتا بە شی کتێبەکەدا، چەندین نامەی کورت کورتی یەك دێڕیو دوو دێڕی دەبینین، کە پەیوەندییان بە کاروبارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیو هاوڕێکانیەوە هەیە لە دەزگای سەردەمو شوێنی کارکردنی. لە بە شێك لە نامەکاندا، ئامادەکاری کتێبەکە، چەندین نووسینو دەستەواژەیەکی لابردوون، بە هۆکاری ئەوەی کە بڕاوکرنەوەیان ڕەنگە بۆ ئێستاکارێکی باش نەبێت. بەڵام هەمان دەستەواژەو دەربڕینەکان کە ئامادەکاری کتێبەکە

لایبردوون، لەکۆپی بنەڕەتی نامەکاندا، واتە دەستنووس کە لە بە شی دواوەی کتێبەکەیە، هەرماونو لاینەبردوون.کە بە بۆچوونی من وەك خۆنەرێك دەکرا وەك ئەمانەتێکی مێژوویی ناوەندێکی نامەکان وەکو خۆی بەاوبکاتەوە.دیارە خۆنەوەی نامەش وەك هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، چێژ بە خۆنەر دەبەخشێت. لە کۆتاییدا سەرنجم لە بارەی نامەکانەوە ئەوەیە، کە دانەری کتێبەکە نامەکانی بە بێ ڕێز بەندی مێژوویی و بەرواری نووسینیان لە چاپ داون. واتە ڕەچاوی مێژووی نووسینی نامەکان نەکراوە. کە ئەگەر بە پێی مێژووی نووسینو ساڵەکانیان نامەکان دانرابان، جوانترو گونجاوتر دەبوو. بۆ نموونە: نامە هەیە لە ساڵی 1996 نووسراوە، لە پێشەوەی نامەیەك باوکراوەتەوە کە ساڵی 1990 نووسراوە. بە هیوام بەرگی دووەمی نامەکانیش چاپو باو بکاتەوە.
* ئەم بابەتە لە ئەدەبوهونەری کوردستانی نوێ ژمارە(1009)ڕۆژی 3/8/2017باوکراوەتەوە…

پێشکێك بۆ زانستی گیان و ئالوگۆڕ لە کۆمەڵگا! … ئاسۆ حامدی

سەرەتا ؛

ئەوەی لەم لێدوانەدا دەیخوێنێنەوە بەشێکە لە هاوبەشیەکی کەم بۆ ئاڵوگۆڕ و ناسینی ئاڵوگۆڕ و کارکردن بۆ هێشاریێ بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی کۆمەڵگا.
چۆن دەڵێن گیانی پرۆسەکان و کۆمەڵگا کارکی ئاسان نین و زەحمەتە بەڵام نە گیان مردنکی هەواش و مانوێیە لە بۆ شایەکی بۆ مانا و بۆگۆن بوونە. بۆ مانا سیاسیەکی سەرکوت و دیکتاتاری و تولیتاریەتە و بۆ مانا زانستیەکی بۆگۆن بوون و دواکەوتووی و وەستانە لە قاوغکی دیاریکراودا. گیان و گیانی پرۆسەکان زەر جیایە لە گیان و ئاڵوگاری کۆسایەتیەکان ودەم وچاوکان. ئۆگارچی ئەوەی یەکەم دەبێتە هێی ئاڵوگۆڕی دووەم، پێچەوانەکەشی هەر

ڕاستیەکی تەدایە...

[بۆ درێژەی بابەت کلیکی ئێرە بکەن ...]

ئێستا پیاوێک نیشتمانم !..!! ... بۆیان ئیبراهیم

وا هات عاشقان وا خۆی هات
سنووبڕێک لێ قەد ئێو لاپاڵوە دەتە خوارێ
ڕەنگی ڕەنگی ئێو پیاوی
لە ناو دەشتایی شیعردایە و
ژیانی بە جگەرەی لا دەمیەوە هەڵواسیوە
لە کانی قەت پاڵی شاخێکە لا دەداو
تەزە لق وسەوزایی و دەم و چاوی تەڕ دەکات
وا هات ...عاشقان وا هات
دەتە ناو دارستانەکە و
یەک یەک سەاو لە درەختەکان دەکات
سنووبڕێک لێ پیاو
ڕەنگی لە قەمیسە سەوزەکەی بەرم دەچێ
باڵای ڕەنگ وەک باڵای خەم
ئەم پیاوە سنووبڕیە
هەمیشە سەوزی شیعرە و
بەهار لێ دامێنی دەچڕێ
نزیک دەبەتەوە ولەم و ڕەنگی دەگۆڕێ
وردە وردە ئەم پیاوە سنووبڕیە
دەبەتە دار تویک و پەم دەڕێ :
ئێستا تە نیشتمانی منی
من پیاوەکم لە دار تووە
لە حەوشەی ماڵی منداڵیتەوە هاتوم
پەم لە سەاوی ڕیشوڵەکان
منی پیاوی دارتوو... لەسەر هەر لقەکم
نیگای ئێو چڵەکانەم بە هەناویت

کە منایەتیان پر دەکرد لە جریوە
پشتم تە دەکات دەوا
بەدەم هەشتنەوە دەڵێ :
من هیچم نەماوە بە وتن و لە پە ون دەبێت
دەتەوێ ..لە سوچێکی تروە دەتەوێ
هات عاشقان... وا هات
عاشقان چەند سەیرە
لەو بەرەوە لە دامێنی هەوارەکەوە
دار بییەک هاوار دەکات
من لێرەم ... من شەرکەم
ئێستا تە پیاوێک نیشتمانێ و
منیش کچێک نیشتمانم
بانگم دەکات و دەڵێم هەخی هەوارەکە
ئەو لەو بەرەوە و منیش لەمبەر
قاچم دەخەمە ناو ئاوەکەوە
بیستنمی بە دەکەم بە فەرشێک
پێم دەڵێ :نیشتمانی من و تە
لە کەشکەڵی ئەم هەوارەدایە
وەرە با گوە لەم هەوارە بگرین
هەر دەپێکی پڕە گریانی دایکێک
هەر شەپەلێکی پڕە لە ئازارێک و گنگێ دەدات
ئەی نابینی چەن بە دەستی لقە شەرکانم
فرمێسکی بە دەسەم و توڕەبونی هەواش دەکەموە
ئیتر دەوا ... ئەم شەڕە بییە دەوا
کەنار جەدەڵ
بەدەم هەشتنەوە
هەنگی دەگەڵ و دەبەتە دارهەنارە
بەسەر بەردە بازکەدا
هەنگاو هەنگاو دەتە ئەم بر
تا دەگاتە لای من گوە دەردەکات
دەکەوێتە گەرانی وتن
بەدەم گەرانی هەزیەی زیرەکەوە
ئەو ناوە پەدەکات لە گەرانی گوەی هەنار
پێم دەڵێ: کە منی پیاولە جنسی دار هەنار هاتم
هەر گوەکم پەیامی هەنارەکی پێیە
فریشتەکان کە دەن
لەسەر باەی پەپولە سوجدەی سور وەک گوەی من

بۆ ڕۆحی ئاسمان دەبن
عاشقان … وا دێت … سەیرکەن
ئەم پیاوە کە دەبێتە نیشتمانی من
هەر جارێ و دەبێتە درەختێک
هەر جارێ و دەبێتە کانیەک
هەرجارێ و دەبێتە باڵندەیەک و
هەر نابێتەوە بە شەرکە
شیرکەیە و لە بەرگی درەخت و
لە باڵی باڵدار و لە ئاوی کانیدا
شیعر دەخوێنێتەوە
ئەو کە دێت … پێم دەڵێت:
وەرە خێت لە منا ببینە
سوری لێوت من لە گوڵی هەنار… بەتەم بەخشیوە
قەمیسەکێت لە سەوزای سنەوبەریم … بە دورویت
دەنگت لەسەر چڵی دارتوییم…. پە داوی
ئا من ئێستە وەک پیاوێکی شێت
نیشتمانی تەم
ئەو دەمەی تە دەبیتە نیشتمانێک لە ڕەنگ بە من
ئەو دەمەی تە دەبیتە پارکی ئازادی
لە ناو هەناوتا خەم و شیعر بە ئەبەد دەنوم و
بارانی شیعر بە تە جەدەهەم
بەفری قەسیدەم لەگەڵ ڕۆحی تەدا دەبارێنم
عاشقان وا دەڵێوات … کە دەڵاوت
خەی گرێ دراوە بە دەموە … وەک فەقیانەکەی دایکم
دەم دەکاتە کەعبە وبە قەیسدەیەکی سپی
وەک سەرپۆشکەی دایکم دادەپۆشێت
چاوانم دەکاتە دەبەرند و ڕۆحی دەبێتە پەپولە
کە دەڵێوا … عاشقان … ئاوا دەڵێوا
بە ئەسپایی دەچپێنە بە گوێمدا و دەڵێ:
نیشتمانم وەک ئاوێنە پارچە پارچە بوە
لە چاوی کچکا کەمکردوە
منیش کە چاوم دەشکا ئەو گوێ ی لە بو
پارچەکانی دەکەوتنە ناو دەموە
لە شین پۆشی کەمانچەژنەوە … دەم بینی
ئێستە من پیاوەک نیشتمانێ
لە پارکی ئازادیدا دانیشتوە و
ئازادی دەکاتە ملی وشە

ئەستێ من پیاوێک نیشتمانێ
بەنی نەرگز لە شیعری و
چاوانی لە گوڵ و تەمەنی لە باخچە و
هەوەستی لە مارشی نیشتمانیدا دەبینم
عاشقان ئاوا دێت و ئاوا دەڕوا
ئەو کچێک بوو نیشتمانی و
منیش پیاوێک
کە هەر جارێ و وەک درەختێک دەردەکەوێت و
وەک باڵندەیک لە ئاسماندا ون دەبێت
هەر جارێ و وەک هەوبارێک دەردەکەوێت و
وەک باران دەتەوێ و بەسەرما دادەکات
وەک کانی گەرانی دەڕێت و
وەک شیرکێ دەچێتە ناو مەژوەوێ
بۆیە عاشقان ... ئاوایە
ئەو ئەستێ کچێک نیشتمانیەتی و
منیش پیاوێک نیشتمانمە .

دایەلۆگێــــــک لە گەڵ بەرێی "نەخەر"دا ... ئاسۆکمال

" من رای تە ناسڵمێنم ، بەڵام تا مردن بەرگری لە مافی تە دەکەم بە وتنی " – ڤێتەر ...

ئەمڕۆ کەمپینی "نەخەر" ڕایگەیاند کە لە ڕفراندەمی ٢٥ سێپتەمبەردا دەنگ بە "نەخەر"دەدەن، واتە لەو ڕفراندەمە و لە پرسیار و فەرمەکەدا دژی سەربەخۆیی کوردستان دەنگ دەدەن، ئەمەش مانای خوازیاری مانەوەی کوردستانن لە سایەی حکومەتی عێراقدا. بەگومان دەنگدان بە "نەخەر" مافی هاوڵاتیانێ وەک دەنگدان بە"بەڵێ" و نابێ هیچ جیاوازیەک و فشارێک لەسەر هیچ هاوڵاتیەک بە لەم ڕفراندەمدا. لەم یەکەم پرس کردنێ و بەیاردانەی خەڵکی کوردستان لەسەر چارەنوسی سیاسی کوردستان دەبێ هاوڵاتیان ئازادانە بڕشداری ئەم پرسیە

بکەن تاکو چاوەڕوانی خەڵک لە مافە سیاسیەکانی خۆی بچێتە ئاستێکی باڵاتر و دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان بە مۆکی حزبە دەسەڵاتدارەکان نەزانێ و چالاکانە لەدیاریکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئایندەشدا بەشداربێت. هەربۆیە دایلۆگ کردن نەک تەخوینکردن لەنێوان هەردوو بەرەی "بەڵێ" و "نەخێر"دا نیشانەی کلتورێکی مەدەرن و پڕنسیپی ململانێی سیاسی حزب و هاوڕاتیانی شاری و هاوچەرخە کە جیاوازە لە کەلتوری ململانێی حزبە چەکدارەکان و زمانی هەڕەشە و جنێو و سوکایەتی کردن. لە رفراندەمدا ئایکی گشتی و دیموکراسیەکی ڕاستەوخۆ لەجیاتی کەمینەیەکی حزبی دەسەڵاتدار بەیاردەدا و هەربۆیە شەوازی گفتوگۆ و ڕاگەیەنەوە و ڕاگەیین و قەناعەتکردن دەبێتە مایەی گەشەکردنی بەیارەک کە زەرینەی خەڵک نوێنەرایەتی دەکا و شەرعیەت بە ماف و بەیاری خەڵک دەدا.
کەمپینی "نەخێر" بەگژ بە دژایەتی ئەم رفراندەمە دەهێنەوە لەبەرئەوەی مەرجی ئەوەی تەدانیە " کە ڕەکارەکانی سەربەخۆیی ئەوە بخوازێت و هەروەها پایەکانی دەوڵەتێکی دیموکرات و سەرکەوتو دامەزرابن و دەستور پەسەند کرابێت ".

ئایا ڕیکاری سەربەخۆیی لەئێستادا جگە لە بەرپاکردنی رفراندەم چی دەخوازێت؟ دەڵێن؛" پایەکانی دەوڵەتێکی دیموکرات و سەرکەوتو دامەزرابن". پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا بە دەوڵەت لە ٢٦ ساڵی ڕابردودا لە کوردستان دانەمەزراوە ، وە ئایا کەی ئەم دەوڵەتە دیموکرات و سەرکەوتوە دادەمەزرێ؟ چۆن دەسەڵاتی دوو حزبی چەکدار دەبێتە دەوڵەت لەکاتێکدا هیچ مافێکی حوکمڕانی نودەوڵەتی نیە و لە ئاستی جیهانیدا وەک بەشێک و پاشکۆی دەوڵەتی عێراق حسابی بۆ دەکرێ و لەگەڵ بەغدادەوە ماملەی سیاسی وئابوری و سەربازی و دیبلۆماسی لەگەڵ دەکەن و هیچ وڵات و دەزگایەکی نێودەوڵەتی شەرعیەتی پێ نادا وەک دەوڵەتێک؟ دەوڵەتی دیموکرات و سەرکەتوش لەسایەی ئەم سیستەمەی حزبی چەکداردا چارەکە سەدیەکە دروست نەبوە و دروستیش نابێ چونکە ئەگەر نەتوانیت مافی حوکمڕانیت لە ئاستی نودەوڵەتیدا بەدەستی نەناسرێ ناتوانیت وەک بەشێک لە سیستەمی دەوڵەتی دنیای ئەمڕۆ جێ بکەوێت و پێوندیە سیاسی و ئابوری و بوارەکانی تری بەیەکبردن لەگەڵ ئەو سیستەمەدا جیهانیدا ڕێکبخا و ببیتە بەشێک لە بازاری جیهانی و لە نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکەوتنە نودەوڵەتیەکان و سیستەمی جیهانی. بەم پێیش کوردستان ناتوانێت دامودەزگای دەوڵەتی و مافی هاوڕاتی بون و دابینکردنی ئاسایش و پلانی ئایندەی هەبێ، هەروەک لەم ٢٦ ساڵەدا ئەمە بەکردەوە سەلماوە. بەپچەوانەوە ڕێک مەسەلەی

رفراندم و سەربخۆیی بۆوە کە دەوڵەت دروست بکرێ نەک بونی دەوڵەت پێش مەرجی رفراندم بێت. هەربۆیە لەئاستیدا سپاردنی رفراندم بە دوای دروستبونی دەوڵەتێکی دیموکرات و سەرکەوتو جگە لە "نەخێر" بە بەرپاکردنی رفراندم و جیابونەوە لە عێراق نابێ بکردرێ نابێ بە هیچ شتێکی تر.

دەستوریش وەک مەرجێکی تر بۆ رفراندم دادنرێ لەلایەن کەمپینی "نەخێر"ەوە. باشە مەگەر چەند ساڵێکە ئێم دەسەڵاتە هەشنوسی دەستوری نیە. بۆچی ئێم هەشنوسێ ناتوانێ پەسەند بکرێ؟ چونکە پەرلەمان نیە؟ باشە پەرلەمانێک کە لەم چارەکە سەدیەدا چەند جار بە ئیعتبارکراوە چەن خولێکی کوردستان دەبێ چاوەڕێی ئەوەبن، بۆ دیاریکردنی چارەنوسیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، لە کاتێکدا پەرلەمانێکی سەرکەوتو دادەمەزرێ و دەستورێک دەردەکا و ئەوکات ئێم مەرجانەی رفراندم دابین دەبێ و ئەوکات خولێک دەتوانن رفراندم بکەن؟ ئایا ئەمە بەڵاستی "چاوەڕوانی گەدە" نیە، ٢٦ساڵە کە ئێم پەرلەمان و دەستورێ دروست نەبوە، ئایا پەمان ناڵێن کەی دروست دەبێ؟ دواتر، بۆچی دەستور دەکاتێ پێش مەرجی رفراندم لە کاتێکدا کە دەوڵەت ئاگەیەندرا بگومان دەبێ یاساکان یا دەستوری ئەو دەوڵەتێ دابنرێ، واتێ دەوڵەت مەرجی دروستبونی دامودەزگا و دەستور و یاسایێ نەک بۆ پێچەوانەوە. ئەگەر یاسا و دەستور دەوڵەتی دروست بکردایە ئەوا پەرلەمانی کوردستان یاسای کێم بەرهەم نەهێناوە کە بەهەمووی نەیتوانیوە دوو ئیدارەش یەکبخا نەک دەوڵەتی دامودەزگا و خاوەن مافی حاکمیەتی نەودەوڵەتی دروست بکا.
هەربۆیە "نەخێر" وتن بە رفراندم لەکاتی نەبونی رفراندمێکی بەدیلدا و چاوەڕێ هەشتنەوەی خولێک بەدیار پاکێجێکی تری چاکسازی و خیانەتی دروستکردنی دیموکراسی و دامودەزگا و دەستورێ لێم بەدیلی فیدرالیێ شکست خواردوەدا،" بەڵێ " وتنێ بە درێژەپێدانی هەمان سیستەمی ٢٦ ساڵی ئابردوو.
لەجیاتی ئەوەی پەیوەری شەرعی بونی رفراندم ئێم دەزگا حساب بۆنەکراوانەی دەسەڵات و گرێی ئەدیبی "ئیجماعی نیشتمانی" بێ، باشترێ پەیوەرکە بەشداری زەربەی خولێکی کوردستان بێت و دەنگ و بیاری زەربەی ئێم خولێکە بێت. نەک بەهەی فشەلی ئێم دەزگایانەوە ٢٦ ساڵی تر خولێک بەدیار مانەوە لەعێراقی فیدرالی قەومی و مەزهەبی دابنیشێ تا بەردەوام حکومەتی هەرێم دەستی چەوری گەندەڵی و سەرکوتی خەی بەسەر بەشە فیدرالیەکەی لە بەغدادا بسەڵێ یا دەوڵەتی شیعەی عروبی توانای ئەوە پەیدابکا کە کوردستان بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتی خەی.

ئەم کەمپینە دژی "نەخێر"واتە "نا"وتن بە دەستپێکات! ئەگەر لەکدانەوە بە دەنگی "نەخێر" هەر شتێک بێت بەڵام دەنگدان بە "نەخێر" لە رفراندەمەکدا کە پرسیارەکە سەربەخۆیی واتە "نەخێر" بەسەربەخۆیی و بڕیار بە مانەوە لە عێراقدا. لەو رفراندەمە و لە پرسیار و فۆرمەکەدا ناوی دەستپێکات نەهاتوە و باسیش لەسەر دیاریکردنی هەوڵدەست لە دەستپێکات نیە. هەربۆیە "نەخێر" تەنها کردنەوەیە لە خواستی خەڵکی کوردستان بە سەربەخۆیی لە بڕیارێکی دەستپێکات داوای دەکا. دەسەڵات ٢٦ ساڵە بەبێ رفراندەم وسەربەخۆیی حوکم دەکا و ئەگەر دەنگی "نەخێر"یش سەرکەوێ ئەم دەستپێکاتە هەربەردەوام دەبێ. بەڵام سەرکەوتنی "نەخێر" شکستدانە بە خواستی خەڵکی کوردستان بە سەربەخۆیی و سەرکەوتنە بە مانەوەی فیدرالیزمی قەومی و مەزهەبی و دەستپێکاتی دەوڵەتی شوڤینستی شیعە بەسەر کوردستاندا.

ئەم کەمپینەی "نەخێر" دژەڵێن؛ بەرپاکردنی رفراندەم " دەست و پشتیوانێ نەودەوڵەتی و هەرەمایەتیەکانیشمان لەدەستدەدات". دەبێ بپرسین ئەو دەست و پشتیوانانە بە لەئەستادا ئاینەگەیەنن کە رفراندەم وسەربەخۆیی بە خەڵکی کوردستان وەک ماف بەڕەسمی دەناسێنن و نەتەوەیەکگرتوەکان بڕێن بە سەرپەرشتی رفراندەم تاوەکو رفراندەمی تەیموری ڕەژهەڵات و باشوری سودان و کەسۆڤۆ ڕەسمیەتی پێ بدەن و دوایی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش شەرعیەت وەرگرێ. ئایا ئەم دەستانە، بەنموونە ئەمریکا جگە لەوەی دەڵێن ئیستا کاتی نیە و کوردستان وەک کارتی فشار بەرامبەر بە عەبادی و ئێران بەکاردێنن ودەیانەوێ شەڕی داعشیان بەبکا، هیچ بڕێنکەی تری ئەوەدەدەن کە ئەوان کەی ئامادەن رفراندەمەک بە خەڵکی کوردستان سازبکەن؟ ئەم دەستانە پەمان دەڵێن بڕێن لە عەبادی مەڵتی رفراندەم وەرگرن، لەکاتێکدا لایان ئاشکرایە کە حکومەتی شیعەی عێراق سەر بە ئێرانە و ئەگەر دە داعشی تر پەلاماری بدا و ببێت بە دەپارچەی ترەوە ئامادەنیە مافی رفراندەم و سەربەخۆیی بە خەڵک بسەلمێنێ. کورد دەستی وای هەبێ ئیتر دوژمنی بوچیە؟ مافی خەڵکی کوردستان نەک ئەستا لە یەک سەدەی ڕابردودا و سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و جینۆسایدە نەیانسەلماندوە، ئیتر ئەم خۆشباوەڕکردنەی خەڵک بەم دەست و پشتیوانە نەودەوڵەتی و هەرەمایەتیانە لە پێناو چیدایە، جگە لە تراساندنی خەڵک و پشت نەبەستنیان بەهێز و ئیرادەی خۆیان و پیداگریان لەسەر مافی ڕەوای بەرپاکردنی رفراندەم و جیابونەوەدا؟! بەپێچەوانەوە ئەمە پەویستە خەڵکی کوردستان فشار بە کەمەگەی نەودەوڵەتی بهێنێ کە مافی خەڵکی کوردستان لە رفراندەم و

سەربەخۆیيدا بسەلمێنێ و داوا بکا کە نوێنەرایەتیکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا بەشداری و سەرپەرشتی رفراندۆم بکەن و هەسمیەت بدەن بە سەربەخۆیی کوردستان.

ئەگەر مەسەلە نەتەوایەتیەکانی خەلکە برامبەر بەدەسەلات ئەمە دەبینین ئەم حزبانە لەسایەی نەبونی دەوڵەت و فیدرالی قەومی و مەزهەبیدابوە، نەک لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆدا کە توانیویانە ئەم چەندین ساڵە خەڵک دوچاری هەژاری و بە ئومێدی و سەرکوت بکەن. ئایا چۆن بە "نەخێر" وتن بە سەربەخۆیی و مانەوە لە هەمان سیستەمی ئێستای فیدرالی حزبە چەکدارەکاندا دەبێن ئەمە "نەخێر" وتنە بەم سیستەمە؟! "نەخێر" وتن بە سەربەخۆیی تەنیا مانای "بەڵێ" وتنە بەم سیستەمەی کە زاڵە و تەنیا "نەخێر" وتنە بە گەڵینی فیدرالی. بەگومان ئەو هەڵز و لایەنانەی کە کەشێان ژیان و نەتەزایەتی خەڵکی هەژار و ئازادیخوازی کوردستان نیە کە ٢٦ ساڵە بەهەی فیدرالیزمی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە توشی ئەوپەڕی ستەم و چەوسانەوە هاتوە ، مەسەلەیان نیە کە بە دروستبونی دەوڵەت خەڵک لەدەست سیستەمی ئەم حزبە چەکدارانە ڕزگاری دەبێ و وەک هاوڵاتی دەوڵەتێک دەتوانێ ئەم حزبانە ناچار بە گرتنەبەری یاسا و دامودەزگا و دابینکردنی چوارچێوەیەکی هەسەمی بە بەڕێوەبردنی ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بکا. ئەوان کەشێان لەگەڵ پارتی هەیە کە لەو بەشە دەسەڵات و داهاتە شەریکیان ناکا و هەربۆیە دەیانەوێ لە دژایەتی خەڵک بە رفراندۆمیش سود وەرگرن تاکو پلە پێستەکانیان لە پەرلەمان و حکومەتدا وەرگرنەوە و مسۆگەری بکەن. ئەم هەڵزانە لە ١٧ شوباتیشدا هەمان یاریان بە خەپیشاندانەکانی خەڵک و خوێنی شەهیدەکانی کرد و کەوتنەدوای دەسەڵات بە جێبەجێکردنی پاکێجەکانی دەسەڵاتیان. هەربۆیە گرنگە کە دەنگی نەتەزایەتی خەلک دژی دەسەڵات جارێکی تر توشی ئەم یاریپێکردنە نەبێ و لەپاڵ بەردەوامی دان بە نەتەزایەتیەکان بە باشترکردنی ژیان و ئازادیەکاندا، خواستی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت و بەرپاکردنی رفراندۆمیش بە مافی خەلکی کوردستان بزانین و پیداگری لە جێبەجێکردنی بکەین لە لایەن دەسەڵاتەوە. رفراندۆمێکی ئازاد و هەسمی و پابەندبونی پارتی و یەکێتی بە جێبەجێکردنی ئەنجامەکەیەوە، خواستی بەرێی ئازادیخوازی کوردستانە.

ئاسۆکمال
2017/08/08

(بەش) و (نەخۆر) ی یەفراندەم وەک ماکیاج … بەختیارنامیق

یەفرانـدەم بەهەر دو بڕەکەوە جڕەکە لە سـیناریو و ماکیـاج بە ئامانجێکی دیاری کراو ، جگە لەوەی کە پرسێکی نیشتمانی گەورە دەنن و وەک دروشمی هەبژاردن بەکاری دینن بە ئامانجێک هیچی تر نیە ، ئەمـش کوفرێکی نیشتمانیە ، خە ئەگەر لەم کاتەدا ئەمە بنەماکانی دەوڵەت بونمان هەبوایە زەمینەی ناوچەیی و جیهانی لەبار بوایە ، ئەوا (بەش) ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی بو ، بەڵام لە ئێستادا کە ئەمە هیچ ئامادەگیەکی دەوڵەتداریمان نیە و زەمینەی لەبار نیە ، بە هەردو بڕەکەوە جگە لە دریەک بە ناوی پرسێکی نیشتمانیەوە هیچی تر نیە ، ئەم دو بڕیە ئەوە دەزانن کە شکستیان هێناوە و لە بڕامبەر گەلاندا بچنە هەر هەبژاردنێکەوە ئەوا دەدەن ، چونکە گەلان خاوەنی ئارامگەکەی کاک نەوشیروانە ، دوای مەرگی ئەم زاتە بە فرسەتی دەزانن لە ێە ی ئەم جڕە لە سیناریو و ماکیاجەوە ئەم یاریە لە گەلان ببنەوە ، کە دەتوانین هەردو بڕەکە بەم شێوەیە بخوێنینەوە و قسە لەسەر پشتی کەوالیس بکەین :

بڕەی یەکەم :

ئەم بڕیە کە بە بڕەی پارتی و پاشکۆکانی ناسراوە ، ئەم پرسە نیشتمانیە دەنەنت وەک پرسێکی جوان دێکات بە ماکیاج بە دەموچاوێکی ناشیرینی نایاسایی ، پارتی لەم کاتەدا هیچ دروشمێکی پێ نیە کە بە هەبژاردنکان بکاری بهێنێت ، لەسەر هەمو ئاستەکان فشەلی هێناوە ، چونکە زەربەی دەستەاتی بەدەستهێناوە بوە ، زیاد لە قەبارەی خی ، بیە بە شاردنەوەی شکستەکانی و یاری کردن بە درۆز کردنەوەی زەمەنی ئەم حکومەانیە ، دێت ئەم پرسە نیشتمانیە وەک ماکیاج بکار دەنێت ، لای پارتی ئامانجی سەرەکی کورسیەکەی مسعود بارزانیە ، هەر بیە وا دەکات کە کەی پرسە نیشتمانیەکان ببەستیتەوە بەم کورسیەوە و ناچارە هەمو پرسە نیستمانیەکان بکاتە ماکیاج و دەمامک بە درۆزکردنەوەی ماوەی سەرکایەتی ناشرعی ، لای پارتی هیچ ئامانجێک بەقەد مسعود بارزانی گرنگ نیە ، بیە ئەم یەفراندەم و دەوڵەتبونە دەکاتە دەرمانی بەهەشکەرو دەرخواردی تاکی

دەدات ، لای پارتی هەرەم بە نەخشانەیەک سەیر دەکرێت و دەیوێت هەر یەکەکمان ئاوەکی لە یەفراندەم بە هەببەستێت و هەیەک نەبێت بە چارەسەری نەخشیەکە ، تەنها نەخشەکە دەخەتینن.

بەرەی نەخەر :

ئەم بەریە ئامانجی ئەوە نیە کە ئەمە بنەمای دەوڵەت بونمان نیە وەک ئەرکی لەپرسراویەتی بەرامبەر فاویکی گەورەی سەرکردایەتی کورد بەم کارە هەڵسا بێت ، چی خەیان چی بەرەی بێ ئەوە دەزانن کە جگە لە ماکیاج هیچی تر نیە ، ئەم بەریە بەرەی بەرهەم سالح و زامای خەلیل زادەیە و شاسوار تەنها واجیهەیەکە ، لەبەر ئەوەی بەردەوام دەوترێت کە بازاڕ قەخکراوە لە لایەن حیزبەوە ، ئەمان بە پاراستنی سەرمایە و بازاڕکانیان پەویستیان بە حیزب هەیە ، ئەم دو کەسە بە دراسە دەنە ناو ئاگەیاندنی لیستەوە ، چونکە ئەگەر پێشتر نەکان و قەیوان کە دوکەمپانیای سەر بە یەکێتی و ئیدارەی گشتی بون ، ئەوا لە ئێستادا بەرهەم سالح بەرە و دەرکردن دەوات و بگرە تەنگ بە کارە بزنسکەیان هەڵچنیوە ، بەیە پەویستی بە حیزبێک و کورسی پەرلەمانی هەیە تا لە دەرەوەی یەکێتی بەرگری لە بزنسکەی بکات و جیا بێتەوە لە یەکێتی ، وە کەسرەت ئەسول هەمو بزنسکەی لە هەولێر و لەگەڵ پارتی بزنسی خەیان دەکەن و ئەوەی لە زەنی سەوز بزنس دەکات تەنها بەرهەم سالحە و دەبێت فریای خەی بکەوێت و حیزبێک و چەند کورسیەکی پەرلەمانی هەبێت تا بڕەو بە بزنسکەی بدات ، بەڵام لە بەرامبەر هەمو (بەڵێ) یەکدا (نەخێر) ێک هەیە کە پارتی دڵە (بەڵێ) کەواتە لە بەرامبەردا بەشایی دروست دەبێت بە (نەخێر) بەیە ستافەکەی بەرهەم سالح عاقلانە ئەمە دەقەزنەوە وەک دەمامکێک بە گەشتن بە ئامانجکانیان .
بەرەی (بەڵێ) و بەرەی (نەخێر) ساختەن.

هەردو بەرەکە ئەوە دەزانن کە ئێستا هیچ بنەمایەکی دەوڵەت بون نیە چی لە ەوی نەودەوڵەتیەوە و چی لە ەوی یاسایی و سیاسی و ازی بونی وڵاتانی جیهانی و ناوچەیەوە ، سەرەتایی ترین شت خە بژێوی ، کە نیە ، سەرەتایی ترین خاڵی خزمەتگوزاری کە کارەبا و موجەیە نیە ، ئیتر سەرەڕای ئاسایشی نیشتمانی فرەی لەسەرچاوەی داهات و باڵادەستی دەستەڵاتی قەزایی و کارا بونی هەر پێنج دەستەڵاتەکە و ئاشتەوایی نیشتمانی ….هتد.
خە ئەگەر ئەمە بنەماکانی دەوڵەت بونمان هەبێت و تەنها ئەوەمان مابێت کە یەفراندم بکەین و دەوڵەت ابگەینن ، ئەوە دەزانین کە هەمو کەس لەگەڵ ئەم پرسەدایە ، واتا ئەمە هەزەکی چەکداری

نیشتمانیمان هەبێت و هەر پێنج دەستەکە وەچکەی خۆیان وەرگرتبێت و هاوڕاتی هەست بەوە بکات کە بەشکە لەم دەوڵەتە و دەزانیت ماف و ئەرکی چیە ، بەڵام کە ئەمانە نەبێت دەکاتە ئاوەی هەردو بەرەکە وەک دروشمکی هەڵبژاردن بەکاری دێنن بۆ ئامانجکی بزنسی سیاسی .

بزوتنەوەی گۆران .

گۆران دەزانێت هەردو بەرەکە ساختەن و لە بەرامبەر ئارامگەکەی کاک نەوشیروانداد دەیانەوێت دروشمکیان پێ بڵێت ، دەزانن گۆران خاوەنی کاک نوشیروانە ئەوان خاوەنی شکست ، هەر بۆیە هەردو بەرەکە ساختەن لەبەرامبەر پڕۆژەیکی گەورەی وەک دەوڵەتی نیشتمانی یان هاوڕاتی ، گۆران ئەوش دەزانێت تا ئێستا ئۆجەندایکی ورد نەخراوەتە بەردەم تاکی دەنگدەرەوە کە بەڵێن بفرێندەم بۆ ئەم دەوڵەتەیە کە ئاوا دروستی دەکەین ، خۆ ئەگەر بفرێندەم وەسیلە بێت ئەوا دەبێت ئامانجەکە دیاری بکرێت ، هەردو بەرەکە ناوەرن ئامانجی بفرێندەم وەک ئۆجەندایەک وون بکەنەوە تەنها دەڵێن بۆ دەوڵەتە ئەمیان بۆ (بەڵێ) ئەویان بۆ (نەخێر) ، بەڵام جەری دەوڵەتەکە دیاری نەکراوە ئایا نیشتمانی دەبێت یان نەتەوەیی یان هاوڕاتی ، گۆران هەموو ئەمانە دەزانێت ، دەشزانێت دور نیە بەری (نەخێر) شاسوار بێت و بیەوێت ئارامگەکەی کاکا نەوشیروان لە گۆران داگیر بکات ، کە تاکە هەکاری بەهێزە بۆ هەڵبژاردنکان بۆ گۆران ، ئەوش وا بکات شاسوار بێت و بڵێت ئەمانەی خانەی راپەڕاندن ناتوانن بڵێن (نەخێر) هەر وەک لە سیمینارەکیدا ئاماژەی پێدا ، دور نیە لە پلانی (B) دا بێیت من وەسیەتکانی کاک نەوشیروان جێ بەجێ دەکەم ، بیەوێت ئەو هەکارە بەهێزەش لە گۆران داگیر بکات ، بۆیە دەبێت گۆران بتوانێت ئەم ڕاستیانە بگەیەنێتە خەڵک و بەرەی سێیەم دروست بکات کە نا بۆ هەردو بەرەکە کە ساختەن .

جیاوازی لە نێوان (نەخێر) ی من

و(نەخۆر) ی شاسواردا … بەیان ئیبراهیم

ئەگەر دەوڵەت بوون بریتی بێت لە یاریيەکی بەزەون لە نێوان حیزبەکاندا ، ئەگەر دەوڵەت بوون بریتی بێت لەم یاریيە ناشیرینەی حیزب و گاڵتەجاڕی کردن بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و هاوڵاتی ، ئەوا دەکرێت کەی ئەو یاریيانە تە بگەین و بایکۆتی کەی یاریيەکانیان بکەین ، چونکە لەم هەرەمە هەمو پەوڕەکان خڵکین و یاسا و دامەزراوەیی نیە ، هەمو بەهاکان دەبنە یاری دەستی بزنس و سیاسیيە بە مەبەستەکان ، خۆ ئەگەر دامەزراوەیەکی وەک پەرلەمان هەبوایە و هەڵی سوری سەروەریە نیشتمانیەکان دیاری بکردایە ، ئەوا هەرگیز لە ئێستادا نە ناچار دەکراین سەیری یاریيەکی وا بەزەونی نێوای دو تیپی ناشیرین بکەین ، ئەگەر پەرلەمان هەبوایە ئەوا یاری نێوان تیپی (بڵێ) و تیپی (نەخۆر) دەبوایە بدرایە بە دادگا و ئێستە شار بەدەر بکرانایە ، ئەم سیناریو ناشیرینانەی نێوان دو بەرە ، سەرچاوەکانیان یەک ئامانج ، ئەم دو تیپە سەر بە یەک سەرچاوەی بڕگانی یاریيە ناشیرینەکانن ، دو دیوی یەک دراون ، بۆیە گەر دەوڵەت بوون مافی بەشداری هەر تاکێکمان بێت ، ئەوا ئەم دو تیپە لار و لەوڕە یاری بە کەرامەتی تاک دەکەن ، ئەگەر دەوڵەت بوون بریتی بێت لە خزمەتگوزاری ئەوە ئەم دو تیپە نەک باسی ناکەن بەڵکو دەیکەن بە هەیەک بە شاردنەوەی هەوی ناشیرینیان ، ئەگەر دەوڵەت بوون نەتوانێت کارەبا ، موچە ، ئاو ، سەروەری یاسا، لێپچینەوە لە نایاساییەکان ، دەسیسەی نەوت ، تەندروستی ، پەروەردە ، دادگاکان ، …هتد ، بەرهەم بهێنێت ، ئیتر بە هەردو دیوەکەدا (نەخۆر) و (بڵێ) جگە لە یاریيەکی بەزەون و بە گەمژەکردنی خڵکی هیچی تر نیە .

ئەوە گومانی تیا نیە کە بەڕێی (بڵێ) تەنها لە پەناو یەک کەسدا دەکرێت و عەبایەکە دەدرێت بەسەر کێشەکان و دورخستنەوەی تەمەنی نایاسایی مەسعود بارزانی ، ئەمەیان هەمومان تە دەگەین ، بەڵام بەڕێی (نەخۆر) لە من باشتر دەزانن کە شتێک نیە بە ناوی دەوڵەت بونەوە ، لە من باشتر دەزانن لەسەر ئاستی دەرکی و ناوکی ئامادەگیەک و ژینگەیەک نیە بە دەوڵەت بون ، لە من باشتر دەزانن کە ئەمە ماکیاجێکە بە شاردنەوەی دەموچاوە ناشیرینەکان ئەمانیش دەن و ئەم دەمامکانە دابەش دەکەن ، بەڕێی (نەخۆر) هەمان

کەرستەی ماکیاجیان لە هەمان سەرچاوەی بەرەی (بەڵێ) هەناوە بە گەمژەکردنی کەمەگا ، بەڵام هەردو بەرەکە ئەوە نازانن کە ئێستە کەمەگا لەوان باش تێگەیوە دەتوانێت بەیار بدات ، ئێستە تاک و کەمەگا خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆیەتی و هەر گاڵتەشی دێت بە شاشەی تی ڤیەکانی ئەوان ، وەک مەحوی دەڵێ (شوکور هوشیارە مەحوی تە دەگات دنیا خەراباتە) کەواتە تێگەشتین لە بەرەی (بەڵێ) ئەمەیە و بەس بە سەرەکەکی ناشەرعیە بە درێژکردنەوەی ئەو ناشەرعیەتیە..... بەڵام جیاوازی زۆرە لە نێوان (نەخێر) ەکەی من و (نەخێر) ەکەی شاسوار دەتوانم بڵێم :

1. (نەخێری) من لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گاڵتە بە بۆها نیشتمانیەکان نەکرێت ، (نەخێر) ی شاسوار هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ فێڵ و ساختەکەی (بەڵێ) دا ، بەڵام بە دیوەکی تردا .
2. (نەخێر) ی من بە ئەوەیە کە سیاسەت و بزنس لەیەک جیا بکرێتەوە ، (نەخێر) ی شاسوار بە داگیرکاری حیزبەکی نوە یە لە بازاڕ.
3. (نەخێر) ی من بە ئەوەیە چاوچنۆکان کەتایبان بێت ، (نەخێر) ی شاسوار دانانی هەڵکەی هەزارەها چاوچنۆکی تر .
4. (نەخێر) ی من بە بایکۆتکردنی کەی گاڵتەکردن و فێڵ کردنە لە تاک ، (نەخێر) ی شاسوار هەمان گەمەی بەرەی بەتامی (بەڵێ) ە .
5. (نەخێر) ی من بە دەرکردنی تاکە لەم بارە قورسەی ژیان ، (نەخێر) ی شاسوار بە کردنی تاکە بە موشتەریەکی باشی بازاڕەکەی .
6. (نەخێر) ی من بە خەراکردنە لە چارەسەری موچە و کارەبا و ئاو ، (نەخێر)ی شاسوار گاڵتەکردنە بە کات بە قسەنەکردن لەسەر ئەم دەسیانە و دورخستنەوەی .
7. (نەخێر) ی من بە ئەوەیە چی تر پارەی ئەم هەرەمە نەدزرێت و لە بازاڕەکانی دنیادا سپی نەکرێتەوە ، (نەخێر) ی شاسوار بە بەردەوامی دانە بەم دەسیەیە .
بەڵێ هەزارەها (نەخێر) و هەزاران جیاوازی تر .

کە بە گشتی دەڵێین ... ئەم یارییە بەزۆنە ڕاگرن ، خەڵک ئەودیو شانەکە دەبینێت ، خەڵک دەزانێت ئەم داموچاوانە ماکیاج کراون ، دەزانن هەموی بە بەرگرتن و پاراستنی سرمایەی ناشەرعی و کورسی ناشەرعیە .

پرسی ڕیفراندەم و جیابونەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

بەرنامەی پۆلێتیکس ٢٥ / پرسی ڕیفراندەم

بۆچی"نەخێر" حوکمی بنەماڵەیی و گەندەڵی درێژتردەکاتەوە ؟ … عیماد عەلی

ئەوەی سەیرە لەم کەمپەینی نەخێر و ئیدعایەی خەڵکی بەناو خەمخۆر و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارە کەهەکە بووەکەی سەر ستەیجی نەخێر ئەوەیە کە باس لە ئەتەرناتیڤی ریفراندەم و سەربەخۆیی وچۆنێتی چارەسەری بۆ ئەم وەزعەی ئێستا بە نەخێرەکەیان ناکەن و ئەو میکانیزمە دیاریناکەن کە چۆن بە نەخێر چارەسەری کێشەکان دەکەن و کوردستان دەبێتە شامی شەریف، بۆ ئەوەی لە سبەینێوە ئێمەش بچینە پاڵ نەك یەکجار بەکو تەنانەت سەتجار نەخێر نەك لەبەرامبەر بەڵێ و لەکاتی جێبەجێکردنی ریفراندەمەکە بەکو بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی هەموو ریفراندەمێك لە داهاتوشدا . ئەمە جگە لەوانەی بۆ مەرامی سیاسی تایبەتی و بە هاندانی ئەم و ئەو هاتوون و هەمووان لە بەهانەکانیان وا نیشان دەدەن کە مەبەستی سەرەکیان لە نەخێر بۆ ریفراندەم ئەوەیە کە نەخێر بێت بۆ گەندەڵی و شکستی حوکمرانی و دسەڵاتی حزبی و بنەماڵەیی و قۆرخکاری . بۆ ئەوەی بۆ خەڵك بیسەلمێنن کە چۆن نەخێر بۆ ریفراندەم و نەخێر بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان وادەکات کە کوردستان لەم نەهامەتیە دەدرەچێت و گەندەڵی نامێنێت و خەسپاندنی بنەماڵە بەردەوام نابێت و شکستی حوکم چارەسەر دەکرێت و موچەی خەڵك وەك خۆی لێدێتەوە و هەرزانی باڵی بەسەر کوردستاندا دەکێشێت و دیموکراسی بەرقەرار دەبێت و دەسەڵات دەستاودەست دەکرێت و ئازادی ڕەها و شەفافیەت مەیسەر

دەبێت و یاسا بەرقەرار دەبێت و یەکسانی خەڵکی فەرز دەکات .

بەڵێ ئەوەی نازانن کە بە شکستی ریفراندۆم و مانەوەی وەزعەکە وەک خۆی یان دوو هەنگاو گەرانەوە، زەرەك لە کیشەو بڕشەکانی حوکمرانی کوردستان لەبیر دەکرێت و، دەسەڵاتی کوردستان لە بەرپرسیارێتی شکستی حوکمرانی ئەم بیست و شەش ساڵە قوتار دەبێت و، هەیچ شتێك بەو شێوەیە نەك ناگرێت بەڵکو بەم هەنگاوە نامەدروسە دەسەڵاتی حوکمرانی حزبیی تەسك و بنەماڵەیی و کەسی و ئەڵقە دەستریشتووەکان فراوانتر و جێگیرتر دەبن و رەوشە نالەبارەکە درێژەدەبێتەوە یان لەمەودایەکی نزیکدا ئەتەرناتیڤکی نالەبارتری نەتەوەی سەردەست وردە وردە و بە هێوری باڵی بەسەر کوردستاندا دەکێشێت و خەڵك بێ ئەومێد دەبێت و هەم لە حەمە دەبین و هەمیش لەخولە .

بۆیە، ئەم بۆە خەڵکەی کە هەر یەکە و بەجۆرێك خۆی لە کەمپەینی نەخێر داوە؛ بەشێکی بەمەبەستی سیاسی و ئیستغلالکردنی شەپۆلی ناڕەزایی و دژە ریفراندۆم، دەیەوێت بە کردەوەیەکی پۆپۆلیستانە جەماوەرێك بۆ خۆی و بۆ مەبەستی فراوانکردنی رێژەی جەماوەریی خۆی مەیسەر بکات و لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان بکەوێتە ململانێی سیاسی و حزبییەوە، یان فەرمانی پاڵنەر و پاڵپشتیکارەکانی پشت پەردە جێبەجێ دەکات و، ئەمانەش زۆر کەمن و تەنها ئەو سەرانەن کە توانای هەمەجۆریان بۆ تەرخان کراوە نەك خەڵکە ساکار و سادەکەی کوردستان بن کە قەیرانی دارایی و نەداری زۆری بۆ هێناون و لە کاردانەوەدا ریفراندۆم رەتدەکەنەوە . جۆرێکی تریان لەنارازیە هەمەچەشنەکانی نێو پێگە وپێستی حزب و لایەنەکانی خۆیانن و دەیانەوێت وەك بەرزکی بانان لە بەرپرسیارێتی شکستی هەمەجۆر خۆیان رزگار بکەن و خۆیان لە خەڵکی نارازی نزیك کەنەوە و، بە بیری خۆیان وا دەکەن خۆیان پاك دەکەنەوە و، لەو پەشمانەی کە پێوەیان نوساوە رزگار دەبن و لە تەمەتی گەندەلی و شکستی حوکمرانی قوتار دەبن .

ئەوەی لێرەدا پێویستە خەڵك زۆر بە وردی ئاگاداری بێت ئەوەیە؛ کە ئەمانە بەهەموجۆرێك بەم رەفتارانەیان دەکەونە بەرەی قازانجبەخشین بە دەسەڵاتی گەندەڵ و شکستخواردووی کوردستانەوە، ئەگەر بەخۆیان بزانن و پاڵنەریان هەبێت یان نەزانن، بەم رەفتار و کردەوەیان چەکی بێتاوانی بە دەسەلات دەبەخشن، هەر ئەمانە درێژە بە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و حزبیی تەسك و کەسی دەدەن و لەبەرامبەریشدا خەڵك لە هەنگاوی یەکەمی سەربەخۆیی دوور دەخەنەوە و، لەم بارەشدا تەنها دەسەڵات بە سەلامەتی لێی دەردەچێت ، کە بەخۆی هەموو شکستەکان بەم هۆکارانەوە دەبەستێتەوە و بەهانەیەك دەدرێت بەدەستیەوە و لە

لێپرسینەوە رزگاری دەبێت . بەڵام بە سەرکەوتنی ریفراندۆم و پێشکەوتنی هەنگاوی یەکەمی سەربەخۆیی تەمەنی دەسەڵاتی گەندەڵ کەمتر دەبێتەوە و کاتی لێپرسینەوە و حوکمی یاسا نزیگ دەبێتەوە و هەر لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە خەباتی ڕاستەقینە دژبە گەندەڵی و دەسەڵاتی بنەماڵەیی و شەخسپەرستی و قۆرخکاری دەست پێدەکات و، لەوێوە تەمەنیان لە کورتی دەدات نەك بە نەخێرەکەی ئەمانە بێ ریفراندۆم و سەربەخۆیی .